**حكومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق**
**ئەنجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
نوسینگەی وەزیر

**حكومة اقليم كوردستان - العراق**
**مجلس الوزراء**
**وزارة التعليم العالي و البحث العلمي**
مكتب الوزير

ژمارە: ١٧٤٣
ڕێکەوت: ٧ / ١١ /٢٠٢٢ی زایینی
١٦ / گەلاڕێزان/٢٧٢٢ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٢

**بۆ/ گشت زانکۆ حکومی و تایبەتەکان/ نوسینگەی بەڕێزان سەرۆکی زانکۆ**
**ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆریە پزیشکییەکان/ نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**
**دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی/ نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی دەستە**
**ڕاگری پەیمانگە تایبەتەکان/ نوسینگەی بەڕێز ڕاگر**
**بابەت/ گشتاندن**

هاوپێچ لەگەڵ نوسراوماندا بفەرمون دەقی ڕێبەری جێبەجێ پێواژوی بۆلۆنیا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ بەڕێزتان ڕەوانە دەکەین کە لەبەر ڕۆشنایی ڕاسپاردەکانی یەکەمین کۆنفرانسی بۆلۆنیا پرۆسێس و گفتوگۆکانی لیژنەی زانستی کۆنفرانس ئامادەکراوە بەبەشداری نوێنەرانی سەرجەم زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، بۆ جێبەجێ کردنی.

**لەگەڵ ڕێزدا...**

**د.ئارام محمد قادر**
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

**وێنەیەک بۆ:**
- نوسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نوسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا .
- نوسینگەی بەڕێز ڕاوێژکارانی وەزیر/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا .
- دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا .
- فەرمانگەی گشتی کارگێری و دارایی/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا .
- فەرمانگەی خوێندن و پلان و بەدواداچون/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت / بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا .
- دەرکردە.

هەولێر، ڕێگای کەرکوک، شەقامی هادی چاوشلی -ناونیشان
ئیمەیل: minister.office @mhe-krg.org
عنوان- أربيل، طريق كركوك، شارع هادى جاوشلى
ژ. تەلەفون: ٠٧٧١٤٥٨٦٧٦٨ - ٠٧٥٠١٤٤٦٧٦٨
Address - Erbil, Kirkuk Road, Hadi Chawshli Street
www.gov.krd

ژمارە: ١٧٥٣
ڕێکەوت: ٧ / ١١ /٢٠٢٢ی زایینی
١٦ / گەلاڕێزان/٢٧٢٢ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٢

## ڕێبەری جێبەجێکردنی پێواژۆی بۆڵۆنیا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان

لەبەر ڕۆشنایی مادەی دووەم برگەی (دوو) لە یاسای ژمارە (10)ی ساڵی 2008 (یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی) ، هەروەها لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و لەبەر ڕۆشنایی ڕاسپاردەکانی یەکەمین کۆنفرانسی (بۆڵۆنیا پرۆسێس) لە هەرێمی کوردستان و گفتوگۆکانی لێژنەی زانستی کۆنفرانس بە بەشداری نوێنەرانی سەرجەم زانکۆکانی کوردستان ئەم ڕێبەرە داڕێژرا .

### بەشی یەکەم
### پێناسەکان

مادەی یەکەم: ئەو زاراوانەی ڕێکارەدا بەکارهاتوون ماناکانیان بەم شێوازەی لای خوارەوەیە:

1. وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی : ئاماژەیە بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق.
2. قوتابی/خوێندکار (Student): ئاماژە بەو قوتابی/خوێندکارەی کە خۆی لە پرۆگرامێکی خوێندن لە زانکۆدا تۆمار کردبێت.
3. یەکەی خوێندن (کرێدیت) ((European Credit Transfer System (ECTS)): ئاماژەیە بە ئامرازێک بۆ کۆکردنەوە و گواستنەوەی یەکەکانی خوێندن لەسەر بنەمای کاتەکانی خوێندنی وانە و کۆشش و ئاکامەکانی پرۆسەی خوێندن دیاری دەکرێت.
4. ئاکامەکانی فێربوون (Learning Outcomes): بریتییە لە کۆی ئەو زانیاری و تێگەیشتن وکارامەییانەی کە قوتابی/خوێندکار لە پاش تەواوکردنی پرۆسەیەکی خوێندن بە سەرکەوتوویی بەدەستیان دەهێنێت.
5. هەڵسەنگاندن (Assessment): بریتییە لە کۆمەڵێک شێواز و میتۆدی جۆراوجۆر وەک تاقیکردنەوەی نوسراو ز ، زارەکی ، پرۆژە، توانا و کارامەیی، پرێزنتەیشن (سێمینار) ......هتد، کە بەکار دێن بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ئاستی بەرەوپێشچوونی قوتابیان/خوێندکاران و دڵنیایی دەدەن دەربارەی بەدەستهێنانی ئاکامەکانی فێربوونی بابەتێکی دیاریکراو.
6. هەوڵ (Attempt): ئاماژەیە بە ئەو تاقیکردنەوانەی کۆتایی وەرز کە قوتابی/خوێندکار دووبارەی دەکاتەوە.
7. مۆدیول (Module): ئاماژە بە هەر وانەیەك دەکات، کە کۆدێك و ژمارەیێکی کرێدیتی بۆی تەرخانکراوە لە ناو پرۆگرامێکی ئەکادیمیدا.
8. پاشگەزبوونەوە لە مۆدیوول (Module Withdrawal): ئاماژە بە پاشگەزبوونەوەی قوتابی/خوێندکار لە هەر مۆدیوولێك دەکات.
9. ئاڵوگۆڕکردنی مۆدیوول (Module Replacement): ئاماژەیە بەو مۆدیوولانەی، کە بۆ قوتابی/خوێندکار لە کاتی تۆمارکردنی کۆرس ئاڵوگۆڕی پێدەکرێت.
10. دورخستنەوە لە مۆدیوول (Module Drop): ئاماژەیە بە دورخستنەوەی قوتابی/خوێندکار لە تاقیکردنەوەی کۆتایی مۆدیوولێک.

ژمارە: ١٧٥٣
ڕێکەوت: ٧ / ١١ /٢٠٢٢ی زایینی
١٦ / گەڵارێزان/٢٧٢٢ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٢

11. دووبارە وەرگرتنەوەی مۆدیوول (Module Retake): ئاماژەیە بەو مۆدیوولانەی، کە قوتابی/خوێندکار پێویستە دووبارەی بکاتەوە.

12. دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوە (Exam Retake): ئاماژەیە بە دووبارە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی هەر مۆدیوولێک.

13. مۆدیوولی پێشمەرج (Prerequisites): ئاماژەیە بە مۆدیوولە بەیەک بەستراوەکان لە پرۆگرامی خوێندن.

14. پێداویستیەکانی مۆدیوول (Module Requirements): ئاماژەیە بەو پێداویستیانەی، کە قوتابی/خوێندکار پێویستە جێبەجێی بکات بۆ ڕێگەپێدانی بە بەشداربونی لە تاقیکردنەوەی کۆتایی ئەو مۆدیوولە.

15. کرێدیتی بەدەستهێنراو (Credits Earned): ئاماژە بە سەرجەم ئەو کرێدیتانە دەکات، کە لەلایەن قوتابی/خوێندکارەوە کۆکراونەتەوە.

16. لیژنەی تاقیکردنەوە (Examination Committee): ئاماژەیە بەو لیژنەیەی، کە لەلایەن فاکەڵتی/کۆلێژەوە دەستنیشانکراوە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی پەیوەست بە تاقیکردنەوەکان.

17. تاقیکردنەوەکانی کۆتایی (Final Examinations): ئاماژەیە بەو تاقیکردنەوەکانەی کە بۆ هەڵسەنگاندنی قوتابی/خوێندکار لە کۆتایی وەرز ئەنجامدەدرێن.

18. ماوەی بەردەوامبوونی ئاسایی (Regular Duration): ئاماژەیە بە ژمارەی ئەو وەرزانەی، کە لە ڕێبەری خوێندن دیاریکراون و پێویستە قوتابی/خوێندکار لە خوێندنەکەیدا تەواوی بکات.

19. وەرزی ئاسایی (Regular Semester): ئاماژەیە بە وەرزەکانی پایزە و بەهارە (بێجگە لە وەرزی هاوینە).

20. وەرزی سێ مانگ (Trimester): ئاماژەیە بەو وەرزەی کە ماوەکەی دارێژراوە بۆ 20 کرێدیت، واتا ساڵ بە سەر سێ وەرزی سێ مانگە لە جیاتی وەرزەکانی پایزە و بەهارە دابەش دەکرێت.

21. وەرزی هاوینە (Short Semester): ئاماژەیە بەو وەرزەی، کە لە پشوی هاوین بەڕێوە دەچێت.

22. کۆششی قوتابی/خوێندکار (Student Workload): ئاماژەیە بە سەرجەم کاتژمێرەکانی فێربوون، کە پەیوەستە بە چالاکییەکانی فێرکردن و فێربوون.

23. دورخستنەوە (Termination): ئاماژەیە بەو ڕێکارەی، کە بەرامبەر قوتابی/خوێندکارە دەگیرێتەبەر بە دورخستنەوەی لە پرۆسەی خوێندن.

24. پرۆگرام (Program): ئاماژەیە بە کۆمەڵێک پێکهاتەی خوێندن کە لەسەر بنەمای دەرئەنجامەکانی فێربوون دادەنرێن.

25. ڕێڕەوی فێربوون (Learning Pathway): ئاماژەیە بە ڕێڕەوی خوێندن، کە لەلایەن قوتابی/خوێندکار دادەڕێژرێت بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامەکانی پرۆسەی فێربوون.

ژمارە: ۱۷<۳
ڕێکەوت: ۷ / ۱۱ / ۲۰۲۲ی زایینی
۱٦ / گەلاڕێزان/۲۷۲۲ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ۲۰۲۲

بەشی دووەم

چوارچێوەی بڕوانامەکان بەپێی پێواژۆی بۆلۆنیا

مادەی دووەم : چوارچێوەی بنچینەیی پرۆسەی خوێندنی باڵا لەسەر بنەمای پێواژۆی بۆلۆنیا ( Higher Education Framework)

یەکەم : چوارچێوەی بنچینەیی بریتیە لە ئاستی بڕوانامەکانی خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ، کە لە سەر بنەمای (ECTS) کرێدیتە و تێیدا پێناسەی لێهاتوویی (Qualifications) لە ڕووی دەرەنجامەکانی فێربوونەوە (Learning Outcomes) دیاریدەکرێت. بە گشتی چوارچێوەی بنچینەیی خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان جگە لە زانکۆکانی پۆلیتەکنیک لە سەر بنەمای چوارچێوەی گشتگیری خوێندنی باڵای وولاتانی ئەوروپی (Overarching Framework of Qualifications of the European Higher Education Area) دیاری دەکرێت بۆ هەر ئاستێکی خوێندن کە لە خشتەی (1) خراوەتەڕوو، و بەم شیوەی خوارەوە دەبێت:

أ. ئاستی کورت مەودا (Short Cycle):

بە شێوەیەکی ئاسایی خوێندنی دبلۆمی (Diploma Degree) ECTS 120 کرێدیتە. دەرچوو لەم ئاستە بڕوانامەی دبلۆمی لە بواری پسپۆڕییەکەی پێی دەبەخشرێت.

ب. ئاستی یەکەم (First Cycle):

بە شێوەیەکی ئاسایی خوێندنی بەکالۆریۆس (Bachelor's Degree) کە پێک دێت لە (240) یەکەی (ECTS) جگە لەو بەشانەی کە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا دیاری دەکرێن و پێویستیان بە کرێدیتی زیاترە بۆ خوێندنی بەکالۆریۆس. دەرچوو لەم ئاستە بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بواری پسپۆڕییەکەی پێی دەبەخشرێت.

ج. ئاستی دووەم (Second Cycle):خوێندنی دبلۆمی باڵا (Higher Diploma Degree) بە شێوەیەکی ئاسایی پێک دێت لە (60) یەکەی (ECTS). دەرچوو لەم ئاستە بڕوانامەی دبلۆمی باڵا لە بواری پسپۆڕییەکەی پێی دەبەخشرێت.

د. ئاستی دووەم (Second Cycle):خوێندنی ماستەر (Master's Degree) بە شێوەیەکی ئاسایی پێک دێت لە (120) یەکەی (ECTS) . دەرچوو لەم ئاستە بڕوانامەی ماستەر لە بواری پسپۆڕییەکەی پێی دەبەخشرێت.

ه. ئاستی سێیەم (Third Cycle): خوێندنی دکتۆرا (Doctor of Philosophy Degree) هیچ مەودایەکی ECTS کرێدیتی بۆ دیاری نەکراوە. دەرچوو لەم ئاستە بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری پسپۆڕییەکەی پێی دەبەخشرێت.

حكومەتی هەرێمی كوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
نوسینگەی وەزیر

حكومة اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
مكتب الوزير

ژمارە: ١٧٤٣
رێکەوت: ٧/ ٨ /٢٠٢٢ی زایینی
١٦ / گەلاریزان/٢٧٢٢ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٢

**خشتەی 1:** چوارچێوەی بنچینەیی خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان جگە لە زانکۆکانی پۆلیتەکنیک

| EQF Level | Cycle | HEQF- KRG | CREDIT |
|---|---|---|---|
| 1 | Pre-Higher Education | | |
| 2 | | | |
| 3 | | | |
| 4 | | | |
| 5 | Short Cycle | Degree Diploma | 120 ECTS |
| 6 | First Cycle | Bachelor's degree | 240 ECTS |
| 7 | Second Cycle | Degree Higher Diploma | 60 ECTS |
| | | Master's Degree | 120 ECTS |
| 8 | Third Cycle | Doctor of Philosophy Degree | Not Specified |

دووەم : چوارچێوەی بنچینەیی خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی پۆلیتەکنیکی هەرێمی کوردستان لە سەر بنەمای چوارچێوەی (Technical Vocational Qualification Framework-Iraq) دیاری دەکرێت بۆ هەر ئاستێکی خوێندن کە لە خشتەی (2) خراوەتەڕوو، و بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

**ئاستی کورت مەودا ( Short Cycle):**

أ. بە شێوەیەکی ئاسایی خوێندنی دبلۆم (Technical Diploma Degree) پێک دێت لە (60) یەکەی (ECTS). دەرچوو لەم ئاستە بڕوانامەی دبلۆم لە بواری پسپۆرییەکەی پێی دەبەخشرێت.

ب. بە شێوەیەکی ئاسایی خوێندنی دبلۆمی تەکنیکی پێشکەوتوو Technical Advanced Diploma)پێک دێت لە (120) یەکەی (ECTS). دەرچوو لەم ئاستە بڕوانامەی دبلۆمی تەکنیکی پێشکەوتوو لە بواری پسپۆرییەکەی پێی دەبەخشرێت.

ج. **ئاستی یەکەم (First Cycle):**

بە شێوەیەکی ئاسایی خوێندنی بەکالۆریۆسی تەکنیکی (Technical Bachelor's Degree) ECTS 240 کرێدیتە جگە لەو بەشانەی کە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا دیاری دەکرێن و پێویستیان بە کرێدیتی زیاترە بۆ خوێندنی بەکالۆریۆسی تەکنیکی. دەرچوو لەم ئاستە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی تەکنیکی لە بواری پسپۆرییەکەی پێی دەبەخشرێت.

د. **ئاستی دووەم (Second Cycle):**خوێندنی دبلۆمی باڵای تەکنیکی (Technical High Diploma Degree) بە شێوەیەکی ئاسایی پێک دێت لە (60) یەکەی (ECTS). دەرچوو لەم ئاستە بڕوانامەی دبلۆمی باڵای تەکنیکی لە بواری پسپۆرییەکەی پێی دەبەخشرێت.

هەولێر، ڕێگای کەرکوک، شەقامی هادی چاوشلی -ناونیشان
ئیمەیل: minister.office @mhe-krg.org
عنوان- أربيل، طريق كركوك، شارع هادي جاوشلي
ژ. تەلەفون: ٠٧٧١٤٥٨٦٧٦٨ - ٠٧٥٠١٤٤٦٧٦٨
Address - Erbil, Kirkuk Road, Hadi Chawshli Street
www.gov.krd

**ه. ئاستی دووەم (Second Cycle):** خوێندنی ماستەری تەکنیکی (Technical Master's Degree) بە شێوەیەکی ئاسایی پێک دێت لە (120) یەکەی (ECTS) . دەرچوو لەم ئاستە بڕوانامەی ماستەری تەکنیکی لە بواری پسپۆڕییەکەی پێی دەبەخشرێت.

**و. ئاستی سێیەم (Third Cycle):** خوێندنی دکتۆرای تەکنیکی (Technical Doctorate Degree) هیچ مەودایەکی ECTS کریدیتی بۆ دیاری نەکراوە. دەرچوو لەم ئاستە بڕوانامەی دکتۆرای تەکنیکی لە بواری پسپۆڕییەکەی پێی دەبەخشرێت.

**خشتەی 2:** چوارچێوەی بنچینەیی خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی پۆلیتەکنیکی هەرێمی کوردستان

| TVQF-Iraq Level | Cycle | HEQF- KRG | CREDIT |
|---|---|---|---|
| 1 | Pre-Higher Education | | |
| 2 | | | |
| 3 | | | |
| 4 | | | |
| 5 | Short Cycle | Technical Diploma Degree | 60 ECTS |
| 6 | Short Cycle | Technical Advanced Diploma Degree | 120 ECTS |
| 7 | First Cycle | Technical Bachelor's Degree | 240 ECTS |
| 8 | Second Cycle | Degree Technical Higher Diploma | 60 ECTS |
| 9 | Second Cycle | Technical Master's Degree | 120 ECTS |
| 10 | Third Cycle | Technical Doctorate Degree | Not Specified |

## بەشی سێهەم
## خوێندنی ئەکادیمی (Academic Study)

مادەی سێهەم : زانکۆ پەیڕەوی سیستەمی وەرز (سیمستەر) دەکات لە سەر بنەمای کرێدیت و خوێندنی هەر ساڵێکی ئەکادیمی زانکۆ دابەشدەبێت بە سەر دوو وەرزی ئاسایی، کە بریتین لە وەرزی پایزە (Fall Semester) و وەرزی بەهارە (Spring Semester). ماوەی هەر وەرزێک (20) هەفتە دەبێت بۆ ئەنجامدانی سەرجەم چالاکییەکانی خوێندن و تۆمار کردن و تاقیکرنەوەکان، بە مەرجێک ماوەی خوێندن لە (14) هەفتە کەمتر نەبێت.

مادەی چوارهەم : دەکرێت خوێندنی هەر ساڵێکی ئەکادیمی زانکۆ دابەشبکرێت لە سەر سێ وەرزی سێ مانگە (Trimester). ماوەی هەر وەرزێک (13) هەفتە دەبێت بۆ ئەنجامدانی سەرجەم چالاکییەکانی خوێندن و تۆمار کردن و تاقیکرنەوەکان، بە مەرجێک ماوەی خوێندن لە (10) هەفتە کەمتر نەبێت.

ژمارە: ١٧<٣
رێکەوت: ٧ / ١١ /٢٠٢٢ی زایینی
١٦ / گەلارێزان/٢٧٢٢ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٢

مادەی پێنجەم : شانبەشانی دوو (2) وەرزە ئاساییەکە، دەکرێت زانکۆ وەرزێکی هاوینە (کورت) بەپێی پێویست بکاتەوە، کە لە ماوەی پشووی هاوین ئەنجامدەدرێت. زۆرترین ژمارەی کرێدیت کە دەکرێت لەلایەن قوتابی/خوێندکارەوە تۆماربکرێت لەو وەرزە بریتیە لە (12) کرێدیت.

مادەی پێنجەم: خوێندنی ئەکادیمی لە سەرەتای مانگی (9) دەستپێدەکات تا کۆتایی مانگی (6). قوتابی/خوێندکار دەبێت پەیڕەوی ڕۆژمێری ئەکادیمی تایبەت بە هەر وەرزێکی خوێندن بکات، کە لەلایەن ئەنجومەنی زانکۆ دادەنرێت و وەزارەتی خوێندنی باڵا پەسەندی دەکات.

## بەشی چوارهەم
## سیستمی کرێدت (Credit Syetem)

مادەی شەش: هەر وانەیەک کرێدیتی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لەلایەن بەشەکانەوە دادەنرێت. ئەژمارکردنی کرێدیت لەسەر بنچینەی چەند پێوەرێک دەبێت لەسەر بنەمای پەیڕەوکردنی پێواژۆی بۆلۆنیا.

مادەی حەوت: کۆشش (Workload):
کۆشش (ئەرک) بریتییە لەو کاتەی، کە قوتابی/خوێندکار پێویستییەتی بۆ فێربوونی مۆدیوولێک و تەواوکردنی چالاکییەکانی ئەو مۆدیوولە. کۆشش ( ئەرک) هەموو چالاکییەکانی ئامادەبوونی قوتابی/خوێندکار لە ناوەوە و دەرەوەی هۆڵەکانی خوێندن ( خوێندنەوە، خۆئامادەکردن، نووسینی ڕاپۆرت، ئەرکی ماڵەوە، پرسیار، تاقیکردنەوە و پێشکەشکردنی سیمینار، ... هتد) دەگرێتەوە.

**مادەی هەشت: (کریدت) یەکەی (ECTS)**
کۆشش و ماندوبوونی قوتابی/خوێندکار پێوانە دەکرێت بە (ECTS) کرێدیت. لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان هەر یەک (ECTS) کرێدیت ئەژماردەکرێت بە 27 کاتژمێری فێربوون جگە لەو پرۆگرامانەی کە بە شێوەی هاوبەش لە گەڵ زانکۆکانی دەرەوەی وڵات جێبەجێ دەکرێن.

**مادەی نۆ : گواستنەوەی کرێدیت:**

1. ئەو قوتابی/خوێندکارەی مۆدیوول وەردەگرێت لە پرۆگرامی گواستراوە کە لە هەر زانکۆیەکی تر قبوڵدەکرێت، پێویستە داواکاری پێشکەش بە ئەنجوومەنی فاکەڵتی/کۆلێژ بکات بۆ گواستنەوەی کرێدیت.
2. زانکۆکان بەرپرسن لە دروستکردنی ڕێکەوتننامەی فێربوون (Learning Agreement) تایبەت بە گواستنەوەی کرێدیتی قوتابی/خوێندکار.
3. کرێدیتی گواستراوەی پەسەندکراو پێوانەدەکرێت بە پێی سیستەمی گۆڕینی نمرە (Grade Conversion System) بە بەراوردکردنی خشتەی دابەشکردنی نمرەی (Grade Distribution Table) هەر دوو زانکۆکە.

ژمارە: ٣ > ١٧
ڕێکەوت: ٧ / ١١ / ٢٠٢٢ی زایینی
١٦ / گەلاڕێزان/٢٧٢٢ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٢

## بەشی پێنجەم

## پرۆگرامی خوێندن (Academic Program)

مادەی دە : پرۆگرامی خوێندنی ئاکادیمی هەموو ئەو مۆدیوولانە لە خۆدەگرێت، کە تایبەتن بە وەرزەکانی خویندن و لەسەر بنەمای دەرئەنجامەکانی خوێندن (Learning Outcomes ) بۆ هەر ئاستێکی (Cycle) پرۆگرام دادەڕێژرێن. پەیرەوی خوێندنی سەرجەم پرۆگرامەکان لە دوو بەش پێک دێن:

1. مۆدیولە سەرەکییەکان (Core Modules)
2. مۆدیولە هەڵبژاردەکان (Elective Modules)

مادەی یازدە: پرۆگرامەکانی خوێندنی لە لایەن بەشەکانەوە دادەڕێژرێن بە جۆرێک لەگەڵ توانای بەش و پێداویستی بازاری کار هاوتەریب بن.

مادەی دوازدە: هەر بەشێک پێویستە کەتەلۆگی پرۆگرامەکانی بە شێوەیەک ئامادە بکات کە بۆ هەموو مامۆستایان و قوتابیان/ خوێندکاران بەردەست بێت.

مادەی سیازدە : وردەکاریی دابەشکردنی ژمارەی کرێدیتەکان بۆ هەر پێکهاتەیەکی پرۆگرام لە لایەن بەشەوە دادەنرێت لە سەر بنەمای کاتژمێرەکانی کۆشش و ئەرکی قوتابی/خوێندکار (Student Workload).

## بەشی شەشەم

## تۆمارکردن بۆ پرۆگرامی خوێندن( Registration for a degree program)

مادەی چواردە: قوتابی/خوێندکاری نوێ پێویستە خۆی تۆماربکات بۆ پرۆگرامی ئەکادیمی پێشکەشکراو لەلایەن زانکۆوە لە ماوەی دیاریکراودا.

مادەی پازدە: ئەو قوتابی/خوێندکارەی، بەبێ هەر هۆکارێکی ڕێگاپێدراو پابەند نەبێت بە کاتی خۆتۆمارکردن ، ڕێگەی پێنادرێت دەست بە خوێندنی ئەو وەرزە بکات و دەتوانێت لە سەرەتای وەرزی داهاتوو خۆی تۆماربکات. ئەو وەرزانەی کە دەکەونە پێش تۆمارکردنی قوتابی/خوێندکار بۆ پرۆگرام لەسەر میچ (سقف)ی خوێندنی قوتابی/خوێندکار ئەژمار دەکرێن.

مادەی شازدە : تۆمارکردن بۆ پرۆگرام لەلایەن تۆمارگەی زانکۆ یان فاکەڵتی/کۆلێژ بۆ قوتابی/خوێندکاری نوێ ئەنجام دەدرێت.

ژمارە: ١٧<٣
ڕێکەوت: ١٧ / ١١ /٢٠٢٢ی زایینی
٢٦ / گەڵارێزان/٢٧٢٢ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٢

بەشی حەوتەم

تۆمارکردن بۆ مۆدیوڵ (Registration for a Module)

مادەی حەڤدە: قوتابی/خوێندکار پێویستە خۆی تۆمار بکات بۆ مۆدیولە پێشکەشکراوەکان لە هەر وەرزێکی خوێندن.

مادەی هەژدە: تۆمارکردن بۆ مۆدیول پێویستە پێش دەستپێکردنی وەرزی خوێندن ئەنجامبدرێت.

مادەی نۆزدە: زۆرترین ژمارەی کرێدیت کە دەکرێت لەلایەن قوتابی/خوێندکارەوە تۆماربکرێت بۆ هەر وەرزێکی پایزە یان بەهارە بریتیە لە (30) کرێدیت. قوتابی/خوێندکار ڕێگەی پێدەدرێت لە هەر وەرزێک (6) کرێدیت زیاتر تۆمار بکات دوای پەسەندکردنی لەلایەن بەشی زانستی.

مادەی بیست: زۆرترین ژمارەی کرێدیت کە دەکرێت لەلایەن قوتابی/خوێندکارەوە تۆماربکرێت بۆ هەر وەرزێکی سێ مانگە (Trimester) بریتیە لە (20) کرێدیت. قوتابی/خوێندکار ڕێگەی پێدەدرێت لە هەر وەرزێک (4) کرێدیت زیاتر تۆمار بکات دوای پەسەندکردنی لەلایەن بەشی زانستی.

مادەی بیست و یەک: قوتابی/خوێندکار دەتوانێت خۆی لە مۆدیولە بەیەک بەستراوەکان لە پرۆگرامی خوێندن تۆمار بکات بە مەرجی ئەوەی سەرجەم چالاکییەکانی تایبەت بە مۆدیوولی پێشمەرج (Prerequisites) لە وەرزەکانی پیشووتر تەواو کردبێت و تاقیکردنەوەی کۆتایی تێیدا ئەنجام دابێت. (مەرج نییە لە تاقیکردنەوەی کۆتایی دەرچوو بێت)

مادەی بیست و دو : قوتابی/خوێندکار دەتوانێت لە ماوەیەکی دیاریکراو کە لەلایەن بەشەوە دادەنرێت ئاڵوگۆر یان پاشگەزبوونەوەی لە تۆمارکردنی مۆدیولەکان بکات.

مادەی بیست و سێ: قوتابی/خوێندکار پێویستە ئاڵوگۆر بەو مۆدیوولانە بکات کە لەلایەن بەشەوە بە هەر هۆکارێک لەدوای تۆمارکردن هەڵپەسێردراون.

مادەی بیست و چوار : ئەو قوتابی/خوێندکارەی، کە لە ماوەی دیاریکراودا مۆدیول تۆمارنەکات ، ئەوا ئەو وەرزە لەسەر میچ (سقف)ی خوێندنی قوتابی/خوێندکار ئەژمار دەکرێت.

مادەی بیست و پێنج: ئەو قوتابی/خوێندکارەی، کە لە چوار وەرز هیچ مۆدیول تۆمارنەکات سڕینەوەی ناو (تەرقین قید)ی بۆ ئەنجام دەدرێت و لە خوێندنی زانکۆ دوردەخرێتەوە(جگە لە حاڵەتەکانی دواخستنی فەرمی).

مادەی بیست و شەش : قوتابی/خوێندکار بەرپرسیارە لە هەر هەڵەیەك بکرێت لە کاتی تۆمارکردنی مۆدیوڵەکان.

**مادەی بیست و حەوت: تێچوی پرۆگرامی خوێندنی پاراڵێل:**

1. دیاریکردنی بری تێچوی پرۆگرامی خوێندن لە سەر بنەمای ژمارەی کرێدیتی پرۆگرامی خوێندن دەبێت.
2. قوتابی/خوێندکار پێویستە لەسەری بری تێچوی ژمارەی کرێدیتی تۆمارکراو لە کاتی تۆمارکردنی مۆدیول لە هەر وەرزێك بدات.
3. قوتابی/خوێندکار بە هەر هۆکارێک بچێتە باری پاراڵێل هەمان حوکمەکانی (١،٢)ی ئەم مادەیە دەیگرێتەوە
4. بری پارەی دیاریکراو بۆ هەر کرێدیتێك لەلایەن فاکەڵتی/کۆلێژ وەردەگیرێت بۆ قوتابی/خوێندکاری پاراڵێل.
5. ئەگەر قوتابی/خوێندکار ئاڵوگۆر یان پاشگەزبوونەوەی لە مۆدیوولی تۆمارکراو ئەنجام دا لە ماوەی ڕاستکردنەوەی تۆمارکردنی مۆدیول، ئەوا بری پارەی ئەو مۆدیولەی بۆ دەگەڕێنرێتەوە بەپێی ژمارەی کرێدیت.

6. ئەو قوتابی/خوێندکارەی پاشگەز دەبێتەوە لە دوای کاتی دیاریکراو لە هەر مۆدیولێک ئەوا بڕی پارەی ئەو مۆدیولەی بۆ ناگەڕێندرێتەوە.
7. قوتابی/خوێندکار لە کاتی گواستنەوەی کرێدیت، تێچوی کرێدیتەکانی لەو زانکۆیە دەدات کە کرێدیتەکانی تێدا تۆمار دەکات.

## بەشی هەشتەم

## تۆمارکردن بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی (Registration for Final Exam)

مادەی بیست و هەشت: قوتابی/خوێندکار پێویستە خۆی تۆمار بکات بۆ بەشداریکردن لە تاقیکرنەوەکانی کۆتایی وەرز لە مۆدیووله تۆمارکراوەکان.

مادەی بیست و نۆ :قوتابی/خوێندکار سەرپشکە بۆ خۆتۆمارکردن بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی ئەو مۆدیوولانەی کە لە وەرزەکانی پێشوتر لێیان دەرنەچووە.

مادەی سی: قوتابی/خوێندکار بەرپرسیارە لە هەر هەڵەیەك بکرێت لە کاتی تۆمارکردنی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرز.

مادەی سی ویەک: زانکۆکان سەرپشکن لە ئەنجامدانی و ڕێکخستنی پرۆسەی تۆمارکردنی قوتابی/خوێندکار بۆ تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرز.

## بەشی نۆیەم

## هەڵسەنگاندن (Assessment)

**مادەی سی و دوو : بەشداریکردن (Attendance):**

قوتابی/خوێندکار پێویستە بەشداری لە هەموو چالاکییەکانی شێوازی فێربوونی ڕاستەوخۆ (وانە، پراکتیکی، بواری کار و ... هتد.) بۆ هەر مۆدیوولێک بکات. قوتابی/خوێندکار بێبەش دەکرێت لە بەشداریکردنی لە تاقیکردنەوەی کۆتایی ئەو مۆدیوولانەی کە ڕێژەی ئامادەنەبوونی زیاتر بێت لە 10 % ی چالاکی فێربوونی ڕاستەوخۆ و ئەمەش وەک هەوڵ ئەژمار ناکرێت.

مادەی سی وسێ : هەڵسەنگاندن (Assessment):

1. هەڵسەنگاندنی مۆدیول لە سەر بنەمای ئەژمارکردنی کۆششەکانی مۆدیول (Module Workload) و تاقیکردنەوەی کۆتایی و شێوازە جیاجیاکانی دیکەی هەڵسەنگاندن دەبێت لە ماوەی وەرزی خوێندندا ، بەو شێوەیەی کە لەلایەن فاکەڵتی / کۆلێژەوە دیاریکراوە.
2. هەڵسەنگاندن بۆ مەشق و ڕاهێنان و پرۆژەی کۆتایی ساڵ بەو شێوازە دەبێت کە لەلایەن فاکەڵتی/کۆلێژەوە دیاریدەکرێت.
3. نمرەی دەرچوون لە هەر مۆدیوولێک بریتیە لە 50 لە 100 بەو مەرجەی قوتابی/خوێندکار بەشداری لە تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز بکات بە هەموو بەشەکانی تیوری و پراکتیکیەوە.

ژمارە: ١٧٤٣
رێکەوت: ١٧ / ١١ /٢٠٢٢ی زایینی
١٦ / گەلارێزان/٢٧٢٢ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٢

4. قوتابی/خوێندکار رێگەپێدراوە بە ئەنجامدانەوەی تاقیکردنەوەی کۆتایی ئەو مۆدیولانەی کە تیایدا دەرنەچووە تا چوار (4) هەوڵ سەرەڕای تاقیکردنەوەی یەکەم (جگە لە پرۆژەی کۆتایی و مەشق و ڕاهێنان) بە مەرجێک لە هەر ساڵێکی ئەکادیمی لە دوو هەوڵ زیاتر نەبێت.
5. قوتابی/خوێندکار لەدوای دەرنەچونی لە چوار (4) هەوڵ، ئەوا ئەو مۆدیولی خوێندنەی کە لێی دەرنەچووە بە شێوەی پاراڵێل دووبارە وەردەگرێتەوە.

مادەی سی و چوار: تاقیکردنەوەکانی کۆتایی (Final Examinations):

1. مامۆستا مافی بەشداری پێنەکردنی کردنی قوتابی/خوێندکاری هەیە لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرز لە ئەگەری تەواو نەکردنی سەرجەم چالاکییەکانی تایبەت بە مۆدیولەکە و ئەمەش وەک هەوڵ ئەژمار ناکرێت و قوتابی/خوێندکار پێویستە دووبارە مۆدیوولەکە وەربگرێتەوە (Module Retake).
2. قوتابی/خوێندکار مافی هەیە گازاندەی پێشکەشی سەرۆکایەتی بەش بکات لە کاتی رێگە پێنەدانی بە بەشداریکردن لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرز لە لایەن مامۆستای مۆدیولەکە.
3. قوتابی/خوێندکار مافی کشانەوەی دەبێت لە تاقیکردنەوەی کۆتایی لە ماوەیەکی دیاریکراو کە بەش دیاری دەکات پێش دەستپێکردنی تاقیکردنەوەی کۆتایی و ئەمەش وەک هەوڵ ئەژمار ناکرێت.
4. لە کاتی کشانەوەی قوتابی/خوێندکار لە تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز ئەگەر سەرجەم چالاکییەکانی تایبەت بە مۆدیوولەکەی ئەنجام دابوو ئەوا پێویست بە دووبارە کردنەوەی مۆدیوول ناکات و تەنها بەشدار دەبێت لە تاقیکردنەوەی کۆتایی لە وەرزەکانی داهاتوو.
5. ئەو قوتابی/خوێندکارەی لە کاتی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی نەیتوانی بەشدار بێت بە هۆکاری کتوپڕ (لەدەرەوەی ئیرادەی خۆی)بەهۆکارێک کەلەدەرەوەی ئیرادەی خۆی بێت، ئەوا دوای وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی حوکمەکانی هەردو برگەی (٣ و ٤)ی ئەم مادەیە دەیگرێتەوە.
6. مامۆستا لە رێگەی لیژنەی تاقیکردنەوەکانەوە بەرپرسە لە ئامادەکردن و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرز.
7. لیژنەی تاقیکردنەوەکان بەرپرس دەبێت لە راگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی تاقیکردنەوەکانی وەرز.

مادەی سی و پێنج : گزی کردن لە تاقیکردنەوەکان:

1. ئەگەر سەلمێندرا قوتابی/خوێندکار لە هەڵسەنگاندنی ناو وەرز (رۆژانە) یان کۆتایی وەرز گزی کرد، لە هەموو مۆدیوولەکانی تۆمار کراو لەو وەرزە بە کەوتو دادەنرێت.
2. قوتابی/ خوێندکار دەبێت ئەو مۆدیوولانە لە وەرزەکانی دواتر تۆمار بکات و وەریانبگرێتەوە.
3. بۆ ئەو مۆدیولانەی کە قوتابی/خوێندکار لە وەرزەکانی پێشوودا بەشداری تێدا کردووە بەڵام لەو وەرزە خۆی تۆمارکردبو بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوی کۆتایی، ئەوا لە حاڵەتی گزیدا ئەو مۆدیوڵانەش بە کەوتوو بۆی هەژمار دەکرێن و بەڵام لە وەرزەکانی دواتر قوتابی/خوێندکار تەنها هەولی تاقیکردنەوە دەدات بەبێ دووبارە کردنەوەی ئەو مۆدیوڵانە.
4. ئەگەر قوتابی/خوێندکار بۆ جاری دووەم لە هەڵسەنگاندنەکانی ناو وەرز یان کۆتایی وەرز گزی بکات ئەوا قوتابی/خوێندکار سڕینەوەی ناو (تەرقین قید) ی بۆ ئەنجام دەدرێت.

ژمارە: ١٧٥٣
رێکەوت: ١٧ / ١١ /٢٠٢٢ی زایینی
١٦ / گەلارێزان/٢٧٢٢ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٢

مادەی سی و شەش : گازندە لە ئەنجامی کۆتایی تاقیکردنەوەی وەرز:

1. قوتابی/خوێندکار مافی گرتنی گازندەی دەبێت لە ئەنجامی کۆتایی تاقیکردنەوەکانی وەرز بە پێی ماوەی دیاریکراو کە لە لایەن لیژنەی تاقیکردنەوەکانەوە دیاری دەکرێت.
2. ئەگەر قوتابی/خوێندکار رەزامەند نەبێت بە ئەنجامی تاقیکردنەوە، ئەوا دەتوانێت داواکاری پێشکەش بکات بۆ بینینی تێنوسی تاقیکردنەوەکەی بە پێی ئەو ماوەیەی کە لیژنەی تاقیکردنەوەکان دیاری دەکات.
3. لە دوای کۆتاییهاتنی ماوەی دیاریکراو بۆ گازندە لە برگەکانی (١ و ٢) ی ئەم مادەیە قوتابی/خوێندکار مافی گازندەی نابێت.
4. پێدانی بری تێچووی پێداچوونەوەی تاقیکردنەوەی هەر مۆدیوولێك لە لایەن زانکۆکانەوە دیاری دەکرێت و دەکەوێتە ئەستۆی قوتابی/خوێندکار.

مادەی سی و حەوت: ریزبەندی قوتابی/خوێندکار لە پاش کۆتایهاتنی تاقیکردنەوکان لە سەر بنەمای تێکرای نمرەی وەرز دیاری دەکرێت بۆ ئەو قوتابی/خوێندکارانەی کە کریدیتی تەواوی ئەو وەرزەیان وەرگرتووە.

مادەی سی و هەشت: قوتابی/خوێندکار لە بەشە زانستیەکانی زانکۆکان رێگەیان پێدەدرێت لە دوای تەواوکردنی ساڵی یەکەم بچنە بەشێکی پەیوەندیداری بەرزتر بەپێی رێنماییە کارپێکراوەکان، بەم مەرجانەی لای خوارەوە:

1. لە ساڵی یەکەمی خوێندن لە بەشەکەی خۆی بە لایەنی کەم 60 کریدیتی وەرگرتبێت.
2. لە هەولی یەکەم دەرچووبێت.
3. لە ریزبەندی قوتابیان/ خوێندکاران یەکەم بێت.
4. تێکرای نمرەکانی لە 80% کەمتر نەبێت.
5. یەکەم ساڵی خوێندنی بێت لە زانکۆ.

## بەشی دەیەم
## دڵنیایی جۆری (Quality Assurance)

مادەی سی و نۆ: وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی رێنمایی پێویست بۆ دڵنیایی جۆری بە پێی ستاندارد و رێنماییەکانی دڵنیایی جۆری ئەوروپی (ESG) دادەرێژێت.

## بەشی یازدەیەم
## سیستمی نمرەدانان ( Grading System)

مادەی چل: ئاستی (Level) قوتابی/خوێندکار لە مۆدیوولێکدا دیاری دەکرێت لەسەر بنمای نمرەی (Mark) بەدەستهاتوو لەم مۆدیووڵە. پەیوەندیی نێوان نمرە و ئاست لە خشتەی (3) خراوەتەروو.

ژمارە: ١٧٧٣
ڕێکەوت: ١١/٧/ ٢٠٢٢ی زایینی
١٦/ گەلاڕێزان/٢٧٢٢ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٢

**خشتەی 3:** پەیوەندیی نێوان نمرە و ئاست

| Level | | Marks |
|---|---|---|
| نایاب | Excellent | 90 - 100 |
| زۆر باش | Very Good | 80 - < 90 |
| باش | Good | 70 - < 80 |
| ناوەند | Medium | 60 - < 70 |
| پەسەند | Pass | 50 - < 60 |
| کەوتوو | Fail | 0 - < 50 |

مادەی چل و یەک: زانکۆکان دەتوانن کار لە سەر دانانی سیستەمێکی نمرەدانانی باوەڕپێکراوی گونجاو لەگەڵ پێواژووی بۆلۆنیا بکەن سەرەڕای خاڵی ژمارە یەک کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە.

## بەشی دوانزەیەم
## پێدانی بڕوانامە (Degree Award)

مادەی چل و دوو: قوتابی/خوێندکار تەنها لەکاتی بوونی ئەم مەرجانەدا پاڵێوراو دەبێت بۆ پێدانی بڕوانامە:

1. کۆکردنەوەی کرێدیتی پێویست بۆ ئاستی (Cycle)ی خوێندن.
2. لە هەموو مۆدیولە داواکراوەکان دەربچێت.
3. داوای پێشکەشکردبێت بۆ بڕوانامە و پەسەند کرابێت لەلایەن فاکەڵتی/کۆلێژەکەیەوە.
4. هەر مەرجێکی تر کە هەبێت لە یاسا و ڕێنماییەکارپێکراوەکان دیاریکرابێت.

مادەی چل و سێ: پێدانی بڕوانامەی دەرچوون لە کۆتایی هەموو وەرزێکی ئاسایی دەکرێت و پشتگیری دەرچوون لە کۆتایی هەر وەرزێک دەدرێتە قوتابی/خوێندکار.

مادەی چل و چوار: ڕیزبەندی لە سەر بنەمای تێکڕای نمرەی قوتابی/خوێندکار دەبیت بۆ کۆی گشتی کرێدیتەکانی کە لە ماوەی خوێندنی لە زانکۆ وەریگرتووە و تێیدا دەرچووە و بە پێی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە ڕێک دەخرێت:

$$\text{تێکڕای نمرەی دەرچوون} = \frac{\text{کۆی گشتی}\{(\text{نمرەی مۆدیول}) \times (\text{ژمارەی کرێدیتی مۆدیول})\}}{\text{کۆی ژمارەی کرێدیتەکان}}$$

هەولێر، ڕێگای کەرکوک، شەقامی هادی چاوشلی -ناونیشان
ئیمەیل: minister.office@mhe-krg.org
عنوان- أربيل، طريق كركوك، شارع هادى جاوشلى
ژ. تەلەفون: ٠٧٧١٤٥٨٦٧٦٨ - ٠٧٥٠١٤٤٦٧٦٨
Address - Erbil, Kirkuk Road, Hadi Chawshli Street
www.gov.krd

ژمارە: ١٧٥٣
ڕێکەوت: ٧ / ١١ / ٢٠٢٢ی زایینی
٢٦ / گەلارێزان/٢٧٢٢ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٢

## بەشی سیانزەیەم
## ماوەی خوێندن (Duration of Study)

مادەی چل و پێنج: ماوەی خوێندن بۆ پرۆگرامەکانی هەر ئاستێک (Cycle) بریتیە لە یەک و نیو (1.5) بەقەد ماوەی ئاسایی خوێندنی پرۆگرامەکە.

مادەی چل و شەش: ئەگەر قوتابی/خوێندکار میچی (سقف)ی خوێندنی لە ماوەی دیاریکراو بۆ هەر ئاستێک (Cycle) تێپەڕاند ئەوا دەتوانێت بەشێوەی پارالێل بەردەوامی بە خوێندنی بدات تا نیو (0.5) بە قەد ماوەی ئاسایی خوێندنی پرۆگرامەکە.

مادەی چل و حەوت: قوتابی/خوێندکار مافی دواخستنی وەرزەی خوێندنی هەیە و ماوەی دواخستنی خوێندنەکەی بۆ پرۆگرامەکانی ئاستی کورت مەودا (Short Cycle) و ئاستی یەکەم (First Cycle) بریتییە لە نیو (0.5) بەقەد ماوەی ئاسایی خوێندنی پرۆگرامەکە.

مادەی چل و هەشت: دواخستنی خوێندن بۆ پرۆگرامەکانی ئاستی کورت مەودا (Short Cycle) بۆ یەک وەرز لە سەر میچی خوێندنی قوتابی/خوێندکار هەژمار ناکرێت.

مادەی چل و نۆ :دواخستنی خوێندن بۆ پرۆگرامەکانی ئاستی یەکەم (First Cycle) بۆ دوو (2) وەرز لە سەر میچی خوێندنی قوتابی/خوێندکار هەژمار ناکرێت.

## بەشی چواردەیەم
## حوکمە گشتییەکان

مادەی پەنجا: هەریەک لەم پرسانەی خوارەوە بە ڕێنمایی تایبەت دەردەچن:

1. ڕێنماییە داراییەکانی تایبەت بە پێواژۆی بۆلۆنیا.
2. ڕێنمایی گواستنەوە و جوڵەی قوتابیان و خوێندکاران.
3. ڕێنمایی تاقیکردنەوەکان.
4. ڕێنمایی خوێندنی بەردەوام (Life Long Learning)
5. هەر بابەتێکی تر کە پێویست بە ڕێنمایی تایبەت بکات.

مادەی پەنجا و یەک: سەرجەم بەشەکانی ئەم ڕێبەرە (جگە لە بەشەکانی پێنجەم و دەیەم) بۆ خوێندنی بەرایی لەلایەن فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەدواداچوون جێبەجێ دەکرێن و بۆ خوێندنی باڵا (دبلۆمی باڵا، ماستەر، دکتۆرا) لەلایەن فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان جێبەجێ دەکرێن.

مادەی پەنجا و دو: بەشەکانی ( پێنجەم و دەیەم)ی ئەم ڕێنماییە لە خوێندنی بەرایی و خوێندنی باڵا لەلایەن دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری جێبەجێ دەکرێن.

ژمارە: ١٧٤٣
ڕێکەوت: ٧ / ١١ /٢٠٢٢ی زایینی
١٦ / گەلاڕێزان/٢٧٢٢ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٢

مادەی پەنجاوسێ: سەرجەم زانکۆ و دامودەزگاکانی خوێندنی باڵا لە هەردوو کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان-عێراق پابەند دەبن بە جێبەجێکردنی برگە و مادەکانی ئەم ڕێبەرە.

مادەی پەنجاوچوار: بۆ جێبەجێکردنی پێواژۆی بۆلۆنیا لە دوای گشتاندنی ئەم ڕێبەرە کار بە هیچ ڕێنمایی و بڕیار و گشتاندنێکی پێشوو ناکرێت.

مادەی پەنجاوپێنج: ئەم ڕێبەرە لەبەر ڕۆشنایی گفتوگۆکانی لێژنەی زانستی و گفتوگۆو ڕاسپاردەکانی یەکەمین کۆنفرانسی بۆلۆنیا پرۆسێس لە هەرێمی کوردستان دارێژراوە بە سودوەرگرتن لە ناوەڕۆکی ڕێبەری (ECTS)ی ساڵی (٢٠١٥).

مادەی پەنجاوشەش: زانکۆکانی کوردستان بۆ وردەکاری زیاتر دەتوانن سود لە ناوەڕۆکی ڕێبەری (ECTS)ی ساڵی (٢٠١٥) وەربگرن.

(ئەم ڕێکارە لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣) لەدوای گشتاندنی لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە).

ژمارە: ٩١٧٤٣
ڕێکەوت: ٧ / ١١ /٢٠٢٢ی زایینی
١٦ / گەلارێزان/٢٧٢٢ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٢

**لیژنەی زانستی کۆنفرانسی بۆلۆنیا پرۆسێس**

| | | |
|---|---|---|
| د. نەژاد ئەحمەد حسێن<br>زانکۆی سەلاحەدین | د. ڕێژین هارون<br>زانکۆی سلێمانی | د. لقمان هادی حسن<br>زانکۆی دهۆک |
| د. بۆتان مجید احمد<br>زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر | د. یاسین طه مصطفی<br>زانکۆی زاخۆ | د. شاخەوان حارس وادی<br>زانکۆی چەرموو |
| د. کارمەند عباللە حمد<br>زانکۆی سۆران | د. کاروان علی قادر<br>زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی | د. جمال علی عمر<br>زانکۆی ڕاپەڕین |
| د. مەسعود عبدالکریم عبدالرحمن<br>زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆک | د. بنار جودت احمد<br>زانکۆی کۆیە | د. دانا عبدالله طاهر<br>زانکۆی هەڵەبجە |

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
نوسینگەی وەزیر

حكومة اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
مكتب الوزير

ژمارە:
رێکەوت: / /٢٠٢٢ی زایینی
/ گەلارێزان/٢٧٢٢ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٢

د. نزار پۆلس حنا

زانکۆی هەولێری پزیشکی

د. ئەسعەد محمد محمود

زانکۆی گەرمیان